# کێشەی ناسنامە لە نوسینەوەی مێژووی کورد

## مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست وەک نموونە

حەیدەر لەشکری

# تیۆریزەکردنی مێژوو لە رێگەی نوسینەوەیدا

- مێژوونوس هەوڵدەدا لە میانەی گرێدانی تێز و بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی **ماهیەتی کورد** بەیەکەوە, مانایەك بە حەقیقەتی ئەم گروپە ئیتنییە لەخۆیدا بدۆزێتەوە.
- تیۆریزەکردن دۆزینەوەی ئەو رەگەزە پێکهێنەرانە دەبێ, کە بەهۆیانەوە کوردبوون وەك جیاوازی مانا دەبەخشێ و پرۆسەکە لە خوێندنەوە و بەیەکەوەگرێدانی ئەو جیاوازیە و تایبەتمەندییەکانی, وەك ــ بۆ نموونە ــ لە **ئاستی زمان**, **بوون لەنێو مێژوودا**, **سروشتی خێڵەکییانە**, **دەرکەوتەی باوەڕییانە**, **تێگەیشتن لە دەسەڵاتدارێتی**, **ململانێی نێوخۆیی** وەك راڤەکاری رەوتی مێژووییان, **فرەچەشنی** لە یەك چەشنیدا و...هتد, دەردەکەوێ.
- تیۆریزەکردنی کورد لەپێناو ناسینی، پرۆژەیەکی نوێ نییە, بەڵکو مێژووییەکی هەیە و لە سەرهەڵدانی گوتاری نوێی سیاسیی - رۆشنبیریی کوردی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە کەم تا زۆر ئیشی لەسەرکراوە

# مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست وەك ئەویتر بوون

- ئەزموونی کلاسیکی نوسینەوەی مێژووی کورد هاوبەش بوونە لە یادەوەری لەگەڵ بارستە شارستانییەکاندا.
- کوردبوون، لەنێو کارایی مێژووییدا بینراوە – سەلاّحەددینی ئەیوبی وەك نموونە

- **شەرەفخان** و جوداکردنەوەی کورد لە ئەویتر، لە ڕووی خاکەوە.
- بەردەوامێتی ئەزموونی شەرەفخان
- کوردبوون وەك **هاوئاستبوون** لە گوتاری مێژوویی سەردەمی بوژانەوەی کوردیدا

لە شێخ ڕەزاوە بۆ محەمەد ئەمین زەکی

# به ئەكادیمیكردنی نوسینەوەی مێژوو

- گوتاری ناسیونالیستی كوردی و وەلاتانی ناسنامەی هاوبەش و هاوئاست (مێژووی ئیسلام)
- دەستەی یەكەمی ئەكادیمییانی كورد، دەرچووی قوتابخانەی سۆڤییەتی بوون.
- پاشخانی ئایدۆلۆژی ئەم قوتابخانەیە و تاڕادەیەك حەمەساتێكی نەتەوەگەرا لە چوارچێوەی پرۆژەیەكی سەروو نەتەوەیی و باوەڕبوون بە دروشمی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ژێردەستە، رێگەی بەوە نەداوە مێژووی سەدەكانی ناوەڕاست، وەك بەشێك لە ناسنامەی كورد ببینرێ.
- دوو ئەكادیمییە نێوخۆییەكە و كێشەی هاوبەشبوون و جیاواز بوون لە ناسنامەدا (حسام الدین نەقشبەندی، موحسین محەمەد حوسێن)

# له ئێستادا

## له نێوان خودگەرایی و بابەتگەرایی

- گەڕان بەدوای کورد له نێو مێژوو وەك حەماسەت نەك وەك مەعریفه.
- دەرکەوتنی ئاڕاستەی ئایدۆلۆژی (کوردبوون له نێوان کوردایەتی و ئیسلامەتی)
- میتۆد وەك ڕێگر لەبەردەم خۆناسینی بابەتییانه.
- بەرهەمی توێژەرەکان جۆرێك له کەڵەکەبوونی پێوه دیاره, بەڵام بریتییه له **کەڵەکەبوونی زانیاری** لەبارەی کوردەوه نەك ناسینیان. کۆکردنەوەی زانیاریش به مانای گێڕانەوەی میتۆدییانەی هەواڵی کوردانه ( هەواڵی جوگرافی, مێژوویی, سۆسیۆلۆژی, ئەدەبی و...هتد)